www.kurdistannet.org
29-8-02 12:17:06

# خەونێکی نەزۆک

ئاکۆ ئەلیاسی

ڕۆژ هەڵاتم
دەنگی حەقی وشەیەک بوو
کە لە قوڕگی، تەنگی بێ دەنگی دا
بە سووژنی سوڵتان و شا
تەقەڵ چن و هەڵدووراو بوو
ڕۆژهەڵاتم
گیانی ماندووی ئەسپێکی شێی
بریندار و یاڵ خوێنای
ڕێگای دوور و ڕەوەزینی
ئاسۆی خۆزگەی بەردەم خۆر بوو
ڕۆژهەڵاتم
لە زاکوونی عەشق کوژان دا
خرمژن و خرینگەی بەرۆکی
گۆڤەندێکی شەهید کراو بوو
زەنگۆڵ...زەنگۆڵ
بە چۆڕاوەی خوێنی سووری
ئەم پەیکەرە
زەنوێری تاسە و مەراقی
پەپک خواردووی شۆنەکانیان
پێ ئاو دەدا
ڕۆژهەڵاتم
کەزیەی زەردی هەڵ پاچراوی
بەیانێکی
دەم بە پێکەنین و خەندەی
ئەنگوێنراوی دەم ئاسۆ بوو
چۆرە پۆپنەکێکی هەڵفڕیوی
باڵ شکاو بوو
خۆراکی هەرسێ ژەمی
خەرتەلە نینۆک درێژەکانی تاران بوو
ڕۆژهەڵاتم
ورینگە ورینگی حەیرانێکی

www.kurdistannet.org
29-8-02 12:17:06

سەربڕاوی
هەرێمی شەم و شەمزین بوو
کەشم و نەشمی
یاساغ کراوی شەو گوردی
مەڵبەندی ئاهۆرا و
مۆغەکانی زەردەشت بوو
کوردستانم
گا و گەردوون بوو
بڕیار وا بوو
هەموو ڕۆژێ
هەموو شەوێ
هەموو کات و سات و دەمێ
بۆ پێشوازی
باپیرەکەی ئەتاتورک و
مەلا و ئاخوند
سەر ببڕدرێ
کوردستانم
شۆڕە سوارێکی پێکراوی
دانگەرێزەی ڕێی ئازادی و
حەلاجێکی سەر سێ دارە و
ئایە یەکی (اناالحق)ی سووتێنراو بوو
کوردستانم
چۆڕاوگەی خوێنی
مانگێکی ئاڵ و
کەوشەنێکی تێک دڕاو و
جەستەیەکی لەت لەت کراو و
سرتەیەکی ڕەجم کراو بوو
کوردستانم
کۆتایی مەنگی،
ڕووبارێکی ئاوبەندکراو و
کۆترێکی هەڵکوڕماو و
ئێشی ناسۆرێکی کۆن و
هەنیەیەکی گرنج بەستوو و
پەنجەی بڕاوی سەر ماشە و

بەرزدی سووری
سەنگەرێکی کپ و بێ دەبگ و ڕووخاو بوو
بەڕێزانم!
نە...نە...نە
ئەمانەگشت خەون بوون...خەون
خەونی تاران
خەونی بەغدا
خەونی دیمەشق و ئەنقەرە
خەون....خەون....خەون....خەون
خەونی لەرزۆک
خەون و خەیاڵ
خەونی وەدی نەهاتوو......خەونی نەزۆک

/ سویس ٢٠٠٢/٨/١٧

www.kurdistannet.org